





حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم

# راپۆرتی ئاماری مۆڵەتی بیناسازی و پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان
# لە سەر ئاستی هەرێم بۆ سالی 2013 - 2018

بەشی ئاماری بیناسازی
کانونی یەکەم 2020

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی ئاماری مۆڵەتی بیناسازی و پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

بەشی ئاماری بیناسازی

کانونی یەکەم 2020

© کانونی یەکەم 2020
مافی چاپکردن و بلاوکردنەوەی پارێزراوە
لەکاتی لێوەرگرتنی زانیاری لەم راپۆرتە تکایە وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیارکراوە ئاماژەی پێبکە:
دەستەی ئاماری هەرێم 2020، بەشی ئاماری بیناسازی، *ڕاپۆرتی ئاماری مۆڵەتی بیناسازی و پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018*

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:
ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd
تەلەفۆن: 07508963143
ئیمەیل: Contact@krso.gov.krd

زنجیرە : 73

## سەرەتا

لە هیچ کەسێك شاراوە نیە کە ئامار و داتای ئاماری چەند بۆ کۆماڵگای مرۆڤ گرنگە. بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین لە هاوێشتنی هەر هەنگاوێك پێویستە کە بەرچاومان ڕوون بێت بەتایبەتی کە ئەم هەنگاوانە بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژینگەمان گرێدرابێت. پلان و ئامانجەکان سەرکەوتو نابن ئەگەر پشت بە ئامارێکی ڕاست و دروست نەبەستێت کە لە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو و پشتڕاستکراو دابین کرابێت. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەیەکی فەرمی و باوەرپێکراو، بە پێی پێویستی و تواناکانەوە کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی داتای ئاماری جوراوجۆر لە زۆربەی بوارەکاندا بۆ ئەوەی کە بەکاربەر بە چاوڕوونی هەنگاو بنێت بە مەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانی.

ئەم ڕاپۆرتە کە داتای ئاماری بیناسازی لەخۆدەگرێت، یەك لەو ئامارە گرنگانەیە کە دەکرێت پشتی پێببەستێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن لە دانانی پلان و جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا. داتای مۆڵەتی بیناسازی دەکرێت لە لایەن حکومەتەوە بەکاربێت بۆ دانانی پلانی پرۆژەی نیشتەجێبوون بە پێی ژمارەی دانیشتوان، هەروەها وەبەرهێنەران دەتوانن لەم داتایە سوود وەربگرن بۆ خەملاندنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە پێویستدەزانێت سۆپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی شارەوانیەکانی سەربە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار و لایەنی پەیوەندیدار و دەستەی وەبەرهێنان بکات بۆ هاوکاریکردنیان لە پێدانی زانیارەکانی تایبەت بە بیناسازی، هەروەها سۆپاسی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکان دەکات بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و هەروەها بەشی ئاماری بیناسازی لە دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ڕێکخستن، شیکردنەوە و بەخشتەکردنی داتاکان و دەرکردنی ئەم ڕاپۆرتە کە هیوادارین بەشێك لە پێداویستیەکانی خوێنەران دابین بکات.

# ناوەڕووبەرك

سەرەتا ..... I
لیستی خشتەکان ..... III
لیستی هێلکاریەکان ..... V
پێشەکی ..... 1
تیمی کار ..... 2
سەرچاوەی زانیارییەکان ..... 2
ئامانج ..... 2
چەمك و پێناسەکان ..... 2
ڕێکارەکان ..... 4
فورم ..... 4
داگرتنی داتا ..... 4
پێداچوونەوە ..... 4
ڕێکخستنی داتا ..... 4
دروستکردنی خشتە و شیکردنەوە ..... 4
دەرەنجامەکان ..... 5
بەشی یەکەم, داتای شارەوانیەکان ..... 5
بەشی دووەم, پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان ..... 10

## لیستی خشتەکان

خشتەی 1: ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2013-2018 ........ 5
خشتەی 2: کۆی تێچووی خەملێنراو (ملیار د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 6
خشتەی 3: کۆی ڕووبەری تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 7
خشتەی 4: کۆی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 8
خشتەی 5: تێکڕای تێچووی خەملێنراو (د.ع) بۆ یەك مەتر دووجا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 9
خشتەی 6: ژمارەی پڕۆژەکانی تەواوکراو تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکاری (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 10
خشتەی 7: ژمارەی پڕۆژەکانی بیناسازی بەردەوام (تەواونەکراو) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 11
خشتەی 8: گشت پڕۆژەکانی تەواوکراو و تەواونەکراو (بەردەوام) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی ساڵانی 2013-2018 ........ 11
خشتەی 9: کۆی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 13

خشتەی 10: کۆی ڕووبەری ئاوەدانەکراو (م$^2$)  بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ سالآنی 2013-2018 ........ 15
خشتەی 11: کۆی ڕووبەری تەخانکراو, ئاوەدانکراو و ئاوەداننەکراو (م$^2$)  بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ سالآنی 2013-2018 17
خشتەی 12: کۆی تێچووی خەملێنراو (دولار)  بۆ ڕووبەری ئاوەدانکراو (تەواوکراو)  تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ سالآنی 2013-2018 ........ 19
خشتەی 13: کۆی تێچوو خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری ئاوەدانەکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی بەردەوام تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ سالآنی 2013-2018 ........ 21
خشتەی 14: کۆی بودجە تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی لە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ سالآنی 2013-2018 ........ 23

## لیستی هێلکاریەکان

هێلکاری 1: بەراودری ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018 ........ 5
هێلکاری 2: بەراوردی تێچوو خەملێنراو (ملیار د.ع) بۆ کاری بیناسازی بە پێی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 6
هێلکاری 3: بەراووردی ڕووبەری تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 7
هێلکاری 4: بەراوردی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 8
هێلکاری 5: بەراوردی تێچوو خەملێنراو (د.ع) بۆ یەك مەتر دووجا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 9
هێلکاری 6: بەراوردی پڕۆژەکانی تەواوکراو تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی جوری کومپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) لە نێوان ساڵانی 2013-2018 ........ 10
هێلکاری 7: بەراوردی ژمارەی پڕۆژەکانی بیناسازی بەردەوام تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 11
هێلکاری 8: بەراوردی پڕۆژەکانی تەواوکراو و تەواونەکراو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی ساڵانی 2013-2018 ........ 12
هێلکاری 9: بەراوردی کۆی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) لە نێوان ساڵانی 2013-2018 ........ 14
هێلکاری 10: بەراوردی ڕووبەری ئاوەدانەکراو (م$^2$) بۆ پڕۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 16
هێلکاری 11: بەراوردی ڕووبەری تەخانکراو, ئاوەدانکراو و ئاوەدانەکراو (م$^2$) بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018 ........ 18

هێلکاری 12: بەراوردی تێچووی خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری ئاوەدانکراو (تەواوکراو) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018 ............................................ 20
هێلکاری 13: بەراوردی تێچوو خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری ئاوەدانەکراو تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013-2018 .............. 22
هێلکاری14 : بەراوردی بودجە تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی لە دەستەی وەبەرهێنان بە پێی پارێزگا لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018................................................................ 23

## پێشەکی

داتای تایبەت بە ئاماری بیناسازی یەك لە ئامارە گرنگەکانە کە دەستەی ئاماری هەرێم لەپاڵ داتاکانی تر کۆ دەکاتەوە. هەبوونی ئەم داتایە زۆڕ گرنگە بۆ حکومەت و خاوەن پرۆژەکان بۆ دانانی پلان لە بواری ئاوەدانکردنەوە لە ڕووی چونیەتی و چەندایەتییەوە بۆ ئەوەی بگونجێت لە گەڵ ژمارەی دانیشتوان و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا. داتای ئاماری بینا سازی لە گشت شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی داتای خاوکۆ دەکرێتەوە و لە دەستەی ئاماری هەرێم ڕێکدەخرێن و بە شێوەی ڕاپۆرتی ساڵانە بڵاودەکرێنەوە. ئەم داتایە هەمووجورە مۆڵەتی بینا لە خۆدەگرێتەوە (خانوو و باڵاخانەی نیشتەجێبوون, بینای بازرگانی, ڤێلا, مارکێت, دوکان, کارگە ...هتد) و نیشاندەرەکانی وەك ژمارەی مۆڵەتی بینا, زەوی تەرخانکراو, زەوی ئاوەدانکراو, تێچووی ئاوەدانکردنەوە بۆ یەك مەتر دووجا لە سەر ئاسی شارەوانیەکان و هەرێمی کوردستان تێیدا بەردەستە. هەوڵ دەدرێت کە داتای بیناسازی لەهەرێمی کوردستان ساڵانە بڵاوبکرێتەوە, بەڵام دوای 2013, بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە نەتوانرا داتاکان بە شێوەی ڕاپۆرتی ساڵانە لە کاتی خۆی بڵاو بکرێتەوە و داتاکانی 2013 تاکۆ 2018 لە یەك ڕاپۆرت کۆکرانەوە و بڵاو دەکرێتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم داتای مۆڵەتی بینایە کە لە لایەن شارەوانییەکانەوە بە هاوڵاتیان دراوە و بەشی دووەم داتای پرۆژەکانی وەبەرهێنانە و لە لایەن دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێدراوە و لەم ڕاپۆرتەدا ئەم پرۆژانە دابەشکراوە بەسەر پرۆژەکانی تەواوکراو و پرۆژەکانی بەردەوام یان تەواونەکراو.

## تیمی کار

| | |
|---|---|
| سەرپەرشتیاری پرۆژە | سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم |
| کۆکردن و داگرتنی داتا | بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان |
| پێداچوونەوە | بەشی ئاماری بیناسازی لە دەستەی ئامار |
| ڕێکخستن و خشتەدانان | بەشی ئاماری بیناسازی لە دەستەی ئامار |
| ووردبینی کردن | بەشی ئاماری بیناسازی لە دەستەی ئامار |
| نوسینی ڕاپۆرت | بەشی ئاماری بیناسازی لە دەستەی ئامار |

## سەرچاوەی زانیارییەکان

ساڵانە, داتا و زانیاری ئاماری مۆڵەتی بینا لە گشت شارەوانیەکانی قەزا و ناحیەکان و دەستەی وەبەرهێنان بە شێوەی داتای خاو لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان کۆ دەکرێنەوە و دوای داگرتنی داتاکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەم تۆمارانە ڕەوانەی دەستەی ئامار دەکرێت بۆ ئامادەکردن و دەرکردنی ڕاپۆتی کۆتایی.

## ئامانج

ئامانجی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەی فەرمی بۆ داتای ئاماری, دابین کردنی ئەو داتانەیە کە کە پێویستن لە دانانی پلانی ستراتیژی لە کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی کە ئەم پلانە بە سەرکوتووانە جێبەجێ بکرت بە کەمترین پتێچوو و لە ماوەیەکی گونجاودا. هەروەها کۆ کردنی گشت داتا ئاماریەکان لە یەك ناوەند وەك سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو ئامانجێکی ترمانە بۆ ئەوەی کە بەکاربەر بە دڵنیایی ئەم داتایە بەکاربێنێت بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکەی.

## چەمك و پێناسەکان

**بینا:** ئەو ڕووبەرەیە کە لە لایەن شوێنێکی فەرمی مۆڵەتی پێدراوە بۆ بیناکردن بۆ مەبەستی جوراوجۆر (خانووی نیشتەجێ بوون, خزمەتگوزاری, شوێنی بازرگانی...هتد) کە ڕووبەررەکەی لە نێوان 75-100, 101-150,151-200,...501-550) دایە.

**ڕووبەری تەرخانکراو:** ئەو ڕووبەرەیە کە لەلایەن شوێنێکی فەرمی مۆڵەتی پێدراوە  بە پێی نەخشە و دیزاینی پێشنیارکراو کە ڕووبەرەکەی لە نێوان  75-100, 101-151,150-200,...501-550 دایە.

**ڕووبەری ئاوەدانکراو:** ئەو ڕووبەرەیە کە لەلایەن خاوەن زەوی بە پێی نەخشە و ئەندازەی  کە پێشتر خۆی ئامادەکراوە و دواتر لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار (شارەوانی) سنوربەند دەکرێت ئاوەدان دەکرێت لە سەر ڕووبەری تەخانکراو.

**تێچوو یەك مەتر دووجا:** بریتیە لە گشت پارەی پتێچوو (کەرەستە, گواستنەوە, ئەندازیاری, کرێکار...ڕسومات)  بۆ ڕووبەری ئاوەدانکراو  لە سەرەتای کاری دروست کردنی بینا تا کۆتایی کاری بیناسازی دابەش ڕووبەری ئاوەدانکراو.

**تێچۆی گشتی:**  بریتیە لە گشت پارەی پتێچوو (کەرەستە, گواستنەوە, ئەندازیاری, کرێکار... ) بۆ گشت ڕووبەری ئاوەدانکراو لە هەریەك لە شارەوانیەکان.

## ڕێکارەکان

### فورم

بە مەبەستی کۆ کردنی داتاکان, پێشتر فۆرمێك لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمەوە بە شێوازی ئەکسێل ئامادە دەکرێت  کە دواتر بە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکان دابەش دەکرێت. بەڕێوەبەرایەتییەکان سەردانی هەموو شارەوانیەکان دەکە ن بەمەبەستی پڕکردنی فۆرمەکان و کۆکردنی داتاکان کە بە شێوازی داتای خاوە.

### داگرتنی داتا

داتای کۆکراو هەر لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئامارەوە کاری داگرتنی بۆ دەکریت و دواتر ئەم داتا خاوە ڕەوانەی دەستەی ئاماردەکرێت.

### پێداچوونەوە

لە دەستەی ئاماری هەرێم پێداچوونەوە بۆ داتاکان دەکرێت بۆ پشتڕاست بوون لە داتاکان و ڕاستکردنەوەی داتاکان لە ئەگەری هەبوونی کەموکورتی یان هەبوونی هەر بوشاییەك.

### ڕێکخستنی داتا

پاش پێداچوونە, داتای تۆمارکراو بە پێی پارێزگا و  شارەوانییەکان لە دەستەی ئاماری جیادەکرێنەوە.

### دروستکردنی خشتە و شیکردنەوە

دوای شیکردنەوە و هەژمارکردنی نیشاندەرەکان, خشتە و هێلکاریەکانی تایبەت بە نیشاندەرەکان بە پێی شوێنی جوگرافی ئامادە دەکرێن و دواتر ئەنجامەکان بە شێوازی ڕاپۆرتی ساڵانە بڵاو دەکرێتەوە.

# دەرەنجامەکان


## بەشی یەکەم, داتای شارەوانیەکان

**داتای شارەوانی:** ئەم داتایانە لە شارەوانیەکان کۆکراوە و بریتین لە ژمارەی مۆڵەتی بینا کە لە لایەن شارەوانیەکانەوە مۆڵەت پێدراوە و کاری بیناکردنی بە ڕێژەی 100% تەواوکراوەتەوە.

خشتەی 1: ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 11,756 | 9,153 | 5,346 | 1,014 | 27,269 |
| 2014 | 9,657 | 6,457 | 3,396 | 829 | 20,339 |
| 2015 | 5,375 | 5,637 | 2,998 | 1,037 | 15,047 |
| 2016 | 4,513 | 3,205 | 2,886 | 689 | 11,293 |
| 2017 | 4,131 | 2,830 | 1,569 | 580 | 9,110 |
| 2018 | 4,419 | 3,185 | 1,567 | 575 | 9,746 |

هێلکاری 1: بەراوردی ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2013-2018





خشتە وهێلکاری 1, پاش ساڵی 2013, ژمارەی پێدانی مۆڵەتی بینا لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش دابەزیوە بەجورێك کە لە هەرێمی کوردستان ژمارەی مۆڵەتی بینا دابەزیوە بۆ 9,746 مۆڵەت لە ساڵی 2018 لە بەرامبەر بە 27,269 مۆڵەت لە ساڵی 2013 و ڕێژەی

دابەزینەکە 64.2% بووە هۆی ئەم دابەزینە دەگەڕێتەوە بۆ شەری سەپێندراوی داعش و قەیرانی ئابوری بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت. بەڵام بە ڕێژەی 6.9% بەرزبوونەوە پێشان دەدات بە بەراوورد بە 9,110 مۆڵەت لە ساڵی.2017

خشتەی 2: کۆی تێچوو خەملێنراو (ملیار د.ع) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 812.4 | 584.7 | 604.2 | 45.1 | 2046.3 |
| 2014 | 536.3 | 484.3 | 336.3 | 36.8 | 1393.7 |
| 2015 | 338.7 | 386.5 | 304.7 | 52.9 | 1082.8 |
| 2016 | 256.2 | 260 | 173.6 | 42.5 | 732.4 |
| 2017 | 228.1 | 287.7 | 166.6 | 26.3 | 708.7 |
| 2018 | 293.7 | 164.3 | 172.8 | 27.4 | 658.2 |

هێلکاری 2: بەراوردی تێچوو خەملێنراو (ملیار د.ع) بۆ کاری بیناسازی بە پێی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018





خشتە و هێلکاری 2, پاش ساڵی 2013, کۆی تێچووی خەملێنراو بۆ کاری بیناسازی لە هەرێمی کوردستان لە دابەزیندایە. لە ساڵی 2018 (658.2 ملیارد دینار) بە ڕێژەی 67.8% دابەزیوە بە بەراورد بە 2013 (2046.3 ملیارد دینار) و بە ڕێژەی 7.1%بە بەراورد بە ساڵی 2017 کە دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان.

خشتەی 3: کۆی ڕووبەری تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 2,729,016 | 1,759,049 | 1,838,716 | 176,937 | 6,503,718 |
| 2014 | 1,784,507 | 1,454,587 | 833,002 | 194,850 | 4,266,946 |
| 2015 | 1,658,604 | 1,322,709 | 865,430 | 237,615 | 4,084,358 |
| 2016 | 1,386,956 | 877,093 | 683,387 | 133,977 | 3,081,413 |
| 2017 | 962,523 | 748,201 | 446,825 | 132,822 | 2,290,371 |
| 2018 | 1,294,835 | 858,623 | 559,655 | 126,756 | 2,839,869 |

هێلکاری 3: بەراووردی ڕووبەری تەرخانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018





لە خشتە و هێلکاری 3, پاش ساڵی 2013, ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەر لە دابەزینداببووە تاکو ساڵی 2017 و لە ساڵی 2018 دووبارە بەرزبوونەوە پێشان دەدات. بۆ پارێزگای هەولێر و سلێمانیش هەر بەم شێوەیە بووە بەڵام لە دهۆك و گەرمیان جیاوازە. لەهەرێمی کوردستان, ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کاری بیناسازی لە ساڵی 2018 بە ڕێژەی 56.3% دابەزیوە بە بەراوورد بە ساڵی 2013, بەڵام بە ڕێژەی 34.5% بەرزبوونەوە پێشان دەدات بە بەراورد بە 2017. لە 2018, بەرزترین ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کاری ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای هەولێر بووە و نزمترین ئاست لە ئیدارەی گەرمیان تۆمارکراوە و هەروەها کەمترین گۆڕانکاریش هەر لە ئێدارەی گەرمیان بووە لە ماوەی ساڵانی 2013 تاکو 2018.

خشتەی 4: کۆی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 3,199,536 | 2,246,907 | 1,977,052 | 193,900 | 7,617,395 |
| 2014 | 2,112,011 | 1,817,857 | 1,167,954 | 187,395 | 5,285,217 |
| 2015 | 1,460,359 | 1,622,874 | 1,176,649 | 231,588 | 4,491,470 |
| 2016 | 1,232,446 | 1,050,427 | 937,686 | 193,609 | 3,414,168 |
| 2017 | 1,053,405 | 1,277,487 | 584,285 | 158,580 | 3,073,757 |
| 2018 | 1,169,684 | 784,084 | 1,342,068 | 117,305 | 3,413,141 |

هێلکاری 4: بەراوردی ڕووبەری ئاوەدانکراو (م$^2$) بۆ کاری بیناسازی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018





لە خشتە و هێلکاری  4 , پاش ساڵی 2013, ڕووبەری ئاوەدانکراو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دابەزیوە. لە ساڵی 2018 (3,413,141 م$^2$), ڕووبەری ئاوەدانکراو بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە  (55.19%) بە بەراوورد بە ساڵی2013 ( 7,617,395 م$^2$), بەڵام  بە ڕێژەی 11.04% بەرزبونەوە پێشان دەدات بە بەراورد بە 2017 (3,073,757 م$^2$). لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەم جیاوازیە بە ڕوونی دیارە بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێر, بەڵام  گوڕأنکاری لە ئیدارەی گەرمیان کەمترە.

خشتەی 5: تێکڕای تێچوو خەملێنراو (د.ع) بۆ یەك مەتر دووجا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| 2013 | 253,909 | 260,241 | 305,584 | 221,452 | 268,843 |
| 2014 | 253,909 | 266,412 | 287,959 | 196,385 | 263,694 |
| 2015 | 231,941 | 238,187 | 258,934 | 221,452 | 241,079 |
| 2016 | 207,907 | 247,519 | 254,000 | 219,702 | 214,504 |
| 2017 | 216,532 | 225,222 | 285,113 | 165,929 | 230,569 |
| 2018 | 226,804 | 191,395 | 288,158 | 216,161 | 231,776 |

هێلکاری 5: بەراوردی تێچوو خەملێنراو (د.ع) بۆ یەك مەتر دووجا لە سەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018




لە خشتە و هێلکاری 5 , لە سەر ئاستی هەرێم, نرخی پتێچووو بۆ یەك مەتر دووجا بە ڕێژەی 13.7% دابەزیوە لە ساڵی 2018 (231,776 د.ع) بە بەراوورد بە ساڵی 2013 (268,843 د.ع). لەسەر ئاسی پارێزگاکان, نرخی پتێچووو بۆ یەك مەتردوجا لە پارێزگای دهۆك بەرزترین ئاستی تۆمارکردووە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر لەم ساڵانەدا (2013-2018).

## بەشی دووەم, پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان


**پڕۆژەکانی تەواوکراو:** بریتیە لەو پڕۆژانەی کە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێدراوە و کارەکانی کۆتایی هاتووە و بە ڕێژەی 100% جێبەجێکراوە. جێگای بیرهێنانەوەیە کە لە هەموو خشتەکان و هێلکاریەکان کە لە بەشی دووەمی ئەم ڕاپۆرتە هاتووە, ئیدارەی گەرمیان لە گەڵ پارێزگای سلێمانی هەژمارکراوە.

**پڕۆژەکانی بەردەوام یان تەواونەکراو:** بریتینە لەو پڕۆژانەی کە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێدراوە و کارەکانیان کۆتاییان پێ نەهاتووە.

خشتەی 6: ژمارەی پڕۆژەکانی تەواوکراو تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکاری (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 11 | 1 | 0 | 10 | 0 | 0 | 13 | 0 | 0 | 34 | 1 | 0 |
| 2014 | 6 | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 10 | 0 | 0 |
| 2015 | 2 | 0 | 0 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 5 | 0 | 0 |
| 2016 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 1 | 6 | 0 | 1 |
| 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2018 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 0 | 0 |


هێلکاری 6: بەراوردی پڕۆژەکانی تەواوکراو تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی جوری کومپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) لە نێوان ساڵانی 2013-2018



خشتەی 7: ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی بەردەوام (تەواونەکراو) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 30 | 0 | 0 | 22 | 0 | 2 | 20 | 1 | 1 | 72 | 1 | 3 |
| 2014 | 19 | 1 | 0 | 17 | 0 | 0 | 31 | 0 | 0 | 67 | 1 | 0 |
| 2015 | 11 | 1 | 0 | 4 | 0 | 1 | 9 | 1 | 0 | 24 | 2 | 1 |
| 2016 | 7 | 0 | 0 | 6 | 0 | 0 | 10 | 3 | 1 | 23 | 3 | 1 |
| 2017 | 9 | 0 | 1 | 4 | 0 | 1 | 19 | 0 | 0 | 32 | 0 | 2 |
| 2018 | 22 | 0 | 0 | 12 | 0 | 0 | 13 | 0 | 0 | 47 | 0 | 0 |

هێلکاری 7: بەراوردی ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی بەردەوام تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018





لە هەرێمی کوردستان, لەماوەی ساڵانی 2013-2018, ژمارەیەکی کەم لە پرۆژانە کارەکەیان بەتەواوی جێبەجێکرا (خشتەی 6) و ژمارەیەکی زۆریان بە ناتەواوی ماونەتەوە (خشتەی 7). لە 2018, لە کۆی 51 پرۆژە تەنیا 4 پرۆژە کارەکانی کۆتایی هاتووە کە دەکاتە 7.8%. هەروەك تێبینی دەکرێت, لە ساڵانی 2013-2018, زۆربەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە لایەن کۆمپانیا ناوخۆییەکانەوە بووە بە بەبەراورد لەگەڵ کۆمپانیای بیانی و هاوبەش کە دەکاتە بە ڕێژەی 96.7%.

خشتەی 8: گشت پرۆژەکانی تەواوکراو و تەواونەکراو (بەردەوام) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەواوکراو | تەواونەکراو | کۆ | تەواوکراو | تەواونەکراو | کۆ | تەواوکراو | تەواونەکراو | کۆ | تەواوکراو | تەواونەکراو | کۆ |
| 2013 | 12 | 30 | 42 | 10 | 24 | 34 | 13 | 22 | 35 | 35 | 76 | 111 |
| 2014 | 6 | 20 | 26 | 2 | 17 | 19 | 2 | 31 | 33 | 10 | 68 | 78 |
| 2015 | 2 | 12 | 14 | 3 | 5 | 8 | 0 | 10 | 10 | 5 | 27 | 32 |
| 2016 | 4 | 7 | 11 | 0 | 6 | 6 | 3 | 14 | 17 | 7 | 27 | 34 |
| 2017 | 0 | 10 | 10 | 0 | 5 | 5 | 0 | 19 | 19 | 0 | 34 | 34 |
| 2018 | 4 | 22 | 26 | 0 | 12 | 12 | 0 | 13 | 13 | 4 | 47 | 51 |
| Total | 28 | 100 | 128 | 15 | 69 | 84 | 18 | 109 | 127 | 61 | 278 | 339 |

هێلکاری 8: بەراوردی پڕۆژەکانی تەواوکراو و تەواونەکراو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی ساڵانی 2013-2018





بە پێی داتاکان (خشتە و هێلکاری 8)، لە ساڵانی 2013-2018، لە گشت ئەو پڕۆژانەی کە لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە ژمارەیەکی کەم لەم پڕۆژانە جێبەجێکراون و زۆربەیان بە ناتەواوی بە جێمایەنەتەوە. لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018، لە کۆی 51 پڕۆژە، 47 پڕۆژە جێبەجێنەکراون کە دەکاتە 92.1%. بە پێی داتاکان، لە ساڵی 2017 هیچ پڕۆژەیەك لە هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکراوە لە کۆی 34 پڕۆژە کە مۆڵەتیان پێدراوە.

خشتەی 9: کۆی ڕووبەری **ئاوەدانکراو** (م$^2$) تایبەت به دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان به پێی کۆمپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهوك | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 1,703,950 | 2,550 | 0 | 36,475 | 0 | 0 | 657,000 | 0 | 0 | 2,397,425 | 2,550 | 0 |
| 2014 | 188,975 | 0 | 0 | 37,550 | 0 | 0 | 550,000 | 0 | 0 | 776,525 | 0 | 0 |
| 2015 | 14,450 | 0 | 0 | 387,600 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 402,050 | 0 | 0 |
| 2016 | 106,025 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 669,700 | 0 | 203,125 | 775,725 | 0 | 203,125 |
| 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2018 | 11,975 | 2,550 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 11,975 | 2,550 | 0 |


هێلکاری 9: بەراوردی کۆی ڕووبەری **ئاوەدانکراو** (م2) تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار (ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) لە نێوان ساڵانی 2013-2018



خشتەی 10: کۆی ڕووبەری **ئاوەدانەکراو** (م$^2$) بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 1,837,300 | 0 | 0 | 3,342,950 | 0 | 2,842,500 | 330,250 | 62,500 | 900,000 | 5,510,500 | 62,500 | 3,742,500 |
| 2014 | 1,819,000 | 500,000 | 0 | 4,966,150 | 0 | 0 | 1,488,875 | 0 | 0 | 8,274,025 | 500,000 | 0 |
| 2015 | 2,617,750 | 20,000 | 0 | 392,650 | 510,000 | 0 | 479,400 | 250,000 | 0 | 3,489,800 | 780,000 | 0 |
| 2016 | 80,975 | 0 | 0 | 59,175 | 0 | 0 | 808,950 | 28,300 | 2,975 | 949,100 | 28,300 | 2,975 |
| 2017 | 383,800 | 0 | 3,000 | 118,700 | 0 | 3,400 | 16,608,400 | 0 | 0 | 17,110,900 | 0 | 6,400 |
| 2018 | 2,018,200 | 0 | 0 | 4,709,600 | 0 | 0 | 341,100 | 0 | 0 | 7,068,900 | 0 | 0 |


هێلکاری 10: بەراوردی ڕووبەری **ئاوەدانەکراو** (م$^2$) بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018



خشتەی 11: کۆی ڕووبەری تەخانکراو, ئاوەدانکراو و ئاوەدانەکراو (م$^2$) بۆ پڕۆژەکانی بیناسازی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2013

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاوەدانکراو | ئاوەدانەکراو | کۆ | ئاوەدانکراو | ئاوەدانەکراو | کۆ | ئاوەدانکراو | ئاوەدانەکراو | کۆ | ئاوەدانکراو | ئاوەدانەکراو | کۆ |
| 2013 | 1,706,500 | 1,837,300 | 3,543,800 | 36,475 | 6,185,450 | 6,221,925 | 657,000 | 1,292,750 | 1,949,750 | 2,399,975 | 9,315,500 | 11,715,475 |
| 2014 | 188,975 | 2,319,000 | 2,507,975 | 37,550 | 4,966,150 | 5,003,700 | 550,000 | 1,488,875 | 2,038,875 | 776,525 | 8,774,025 | 9,550,550 |
| 2015 | 14,450 | 2,637,750 | 2,652,200 | 387,600 | 902,650 | 1,290,250 | 0 | 729,400 | 729,400 | 402,050 | 4,269,800 | 4,671,850 |
| 2016 | 106,025 | 80,975 | 187,000 | 0 | 59,175 | 59,175 | 872,825 | 840,225 | 1,713,050 | 978,850 | 980,375 | 1,959,225 |
| 2017 | 0 | 386,800 | 386,800 | 0 | 122,100 | 122,100 | 0 | 16,608,400 | 16,608,400 | 0 | 17,117,300 | 17,117,300 |
| 2018 | 11,975 | 2,018,350 | 2,030,325 | 0 | 4,709,600 | 4,709,600 | 0 | 341,100 | 341,100 | 11,975 | 7,069,050 | 7,081,025 |

هێلکاری 11: بەراوردی ڕووبەری تەخانکراو, ئاوەدانکراو و ئاوەدانەکراو (م²) بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018





ڕووبەری تەخانکراو بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردن لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 39.5% دابەزیوە لە ساڵی 2018 بە بەراورد بە 2013 و بە ڕێژەی 58.6% بە بەراورد بە 2017 (خشتە و هێلکاری 11). زۆرترین ڕووبەربەری تەرخانکراو بۆ کار ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی 2017 تۆمارکراوە و کەمترین ڕووبەربەر لە ساڵی 2016 لە ماوەی ساڵانی 2013-2018. لە ساڵی 2018, لە سەر ئاستی پارێزگاکان, زۆرترین ڕووبەر لە پارێزگای سلێمانی دابەشکراوە (4,709,600 م²) بە بەراورد بە هەولێر (2,030,325 م²) و دهۆك (341,100 م²). لە ساڵی 2017 پارێزگای دهۆك لە پێشەوەیە (16,608,400 م²) و پاشان هەولێر (386,800 م²) و سلێمانی (122,100 م²) دێن.

سەبارەت بە ڕووبەری ئاوەدانکراو و ڕووبەری ئاوەدانەکراو, لە خشتەکانی سەرەوە ( 9, 10 و 11) تێبینی دەکرێت کە زۆربەی زەوی تەرخانکراو بۆ کاری ئاوەدانکردن بە ناتەواوی منەتەوە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان. لە ساڵی 2018, لە هەرێمی کوردستان, لە کۆی گشتی زەوی تەرخانکراو (7,081,025 م²), ڕووبەربەرێکی زۆر (7,069,050 م²) ئاوەدانەکراوە کە دەکاتە 99.8%. هەروەها لە ساڵی 2017 هیچ پرۆژەیەکی خانووبەرە جێبەجێ نەکراوە.

خشتەی 12: کۆی تێچووی خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری **ئاوەدانکراو (تەواوکراو)** تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2018-2013

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 2,742,067,006 | 151,110,000 | 0 | 2,476,912,850 | 0 | 0 | 1,168,601,113 | 0 | 0 | 6,387,580,969 | 151,110,000 | 0 |
| 2014 | 939,910,781 | 0 | 0 | 148,699,400 | 0 | 0 | 3,733,606 | 0 | 0 | 1,092,343,787 | 0 | 0 |
| 2015 | 175,288,432 | 0 | 0 | 85,589,650 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 260,878,082 | 0 | 0 |
| 2016 | 29,405,100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 8,429,750 | 0 | 3,400,000 | 37,834,850 | 0 | 3,400,000 |
| 2017 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2018 | 24,211,000 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 24,211,000 | 0 | 0 |


هێلکاری 12: بەراوردی تێچووی خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری **ئاوەدانکراو (تەواوکراو)** تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018



خشتەی 13: کۆی تێچوو خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری **ئاوەدانەکراو** بۆ پرۆژەکانی بیناسازی بەردەوام تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بە پێی کۆمپانیای جێبەجێکار(ناوخۆ, بیانی, هاوبەش) بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش | ناوخۆ | بیانی | هاوبەش |
| 2013 | 2,525,351,566 | 0 | 0 | 1,384,354,295 | 0 | 2,770,752,840 | 105,864,632 | 8,543,170 | 400,000,000 | 4,015,570,493 | 8,543,170 | 3,170,752,840 |
| 2014 | 1,100,429,022 | 243,480,633 | 0 | 1,121,847,550 | 0 | 0 | 326,193,665 | 0 | 0 | 2,548,470,237 | 243,480,633 | 0 |
| 2015 | 2,019,296,828 | 4,828,875 | 0 | 719,279,200 | 0 | 52,872,278 | 1,686,193,338 | 787,000,000 | 0 | 4,424,769,366 | 791,828,875 | 52,872,278 |
| 2016 | 313,290,439 | 0 | 0 | 1,312,814,185 | 0 | 0 | 153,933,033 | 15,859,567 | 2,083,000 | 1,780,037,657 | 15,859,567 | 2,083,000 |
| 2017 | 382,290,058 | 0 | 8,000,000 | 46,083,960 | 0 | 4,282,400 | 279,915, 937 | 0 | 0 | 708,289,955 | 0 | 12,282,400 |
| 2018 | 1,073,023,369 | 0 | 0 | 1,986,863,671 | 0 | 0 | 49,544,277 | 0 | 0 | 3,109,431,317 | 0 | 0 |


هێلکاری 13: بەراوردی تێچووی خەملێنراو (دولار) بۆ ڕووبەری **ئاوەدانکراو** تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013-2018



خشتەی 14: کۆی بودجە تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی لە دەستەی وەبەرهێنان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ ساڵانی 2013-2018

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| 2013 | 5,418,528,572 | 6,632,019,985 | 1,683,008,915 | 13,733,557,472 |
| 2014 | 2,040,839,803 | 1,270,546,950 | 329,927,271 | 3,641,314,024 |
| 2015 | 2,199,414,135 | 857,741,128 | 2,473,193,338 | 5,530,348,601 |
| 2016 | 342,695,539 | 1,312,814,185 | 183,705,350 | 1,839,215,074 |
| 2017 | 0 | 50,366,360 | 279,915,937 | 330,282,297 |
| 2018 | 1,097,234,369 | 1,986,863,671 | 49,544,277 | 3,133,642,317 |

هێلکاری14 : بەراوردی بودجە تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی لە دەستەی وەبەرهێنان بە پێی پارێزگا لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2013-2018




هەروەك دەبیندرێت (خشتەی (12 لە هەرێمی کوردستان, دوای ساڵی 2013, بەهۆی خرابی بارودۆخی ئابووری, ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی ڕوو لە کەمبوونەوەی کرد, هەربۆیە پارەی پتێچووو بۆ پرۆژەکانیش کەم بۆتەوە بە شێوازێك کە پارەی پتێچووو بۆ پرۆژەکانی تەواوبووی دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2018 بە ڕێژەی 77.1% کەمی کردووە بە بەراورد بە ساڵی 2013, بەڵام بەرزبوونەوەیەکی بهرچاو دەبیندرێت بە بەراوورد بە 2017 کە دەکاتە 848.77%.

وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئاماری هەرێم

www.krso.net